**زانكۆی سەلاحەددین ـ هەولێر/ كۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری**

**بەشی كارگێڕی / قۆناغی سێیەم ـ بابەتی كارگێڕی ڕێكخراوە گەشتیارییەكان**

**بەشی یەكەم**

# دەروازەیەك بۆ خوێندنی كارگێڕی ڕێكخراوە گەشتیارییەكان

## پێشەكییەك دەربارەی گەشتكردن:

پیشەسازی گەشت و گوزار پێشكەوتنێكی دیاری بەخۆیەوە بینی بە تایبەتی **لەم دوایەدا** ئەمەش هۆی سەرەكی دەگەڕێتەوە بۆ بەرەو پێشكەوتنی ئامرازەكانی گواستنەوە و گەیاندن ، كەوای لە جیهان كردوە كەوا وەك گوندێكی بچوكی لێهاتوە. وە بەدیار كەوتنی گرنگی گەشت و گوزار بۆ چالاك كردن و كاراكردنی كەرتەكانی تری ئابووری جیاواز كە كاریگەری ڕاستەو خۆ و ناڕاستەوخۆی لە سەر كەرتەكانی ترهەیە .وە دابین كردنی چەندین جۆری هەلی كار بۆ دانیشتوانی ناوچەكە،وە كەرتی گەشت و گوزار بە یەكێك لە بنەما سەرەكیەكانی بوژانەوەی ئابووری دادەنرێت ئەمەش لەڕێگای هاندانی گەشت و گوزاری دەرەكی بۆ ئەوەی بێتە ناوەوەی ولات ئەمەش دەبێتە هۆی بەدەستكەوتنی دراوی بیانی لە ڕێگەی گەشتیارانی بیانی ، ولاتانی جیهان لەهەر ئاستێك دابن بۆ بەرەو پێشبردنی ئابوری ئەو ولاتە پشت بە كەرتی كشتوكال دەبەستن دواتر كەرتی پیشەسازی وە گەشتوگوزار بە ئاستی سێیەم دێت ،وە ڕۆلی كەرتی گەشت و گوزار لەسەر ئاستی جیهان بەڕۆلێكی گرنگ دادەنرێت چونكە كاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پارەدارکردنی تەرازوی دەولەت چونكە ئامرازێكی گرنگە بۆ ڕاكێشانی دراوی بیانی بۆ ناو دەولەت وە دابینكردنی چەندین جۆری هەلی كار وە گرنگی هەیە بۆوەبەرهێنەرانی بیانی بۆناو دەولەت

## یەكەم : چەمكی گەشتیاری:

دەربارەی گەشت و گوزار چەندین پیناسەی جۆراو جۆر كراوە بۆ بەدەر خستنی ئەم كەرتە ، چەندین هەوڵ دراوە لەلایەن نوسەران و لێكۆلەران كەوا بگەن بەیەك پێناسەی گشتگیر بۆ گەشت و گوزار لەبەر ئەوەی هەر یەكێك لە نوسەران لەسەر لایەنێكی دیاریكراو وەسفی كردووە وە لایەنی ئابووری یان لایەنی كۆمەلایەتی .......

**پێناسەی گەشتكردن كراوە لە لایەن ( Goeldner&Ritchie.2003 ) كە بریتییە لەو چالاكیانەی لەلایەن تاكی گەشتیار ئەنجامدەدرێت، هەروەها مانەوەیان لەو شوێنانەی دەرەوەی شوێنی مانەوەی بەردەوامیان بۆ ماوەی كەمتر لە سالێك، بەمەبەستی وەرگرتنی پشوو، یان كاری بازرگانی، یان چەندین مەبەستی تر.**

سەبارەت بە چەمکی گەشتکردن (Burkart&Medlik) هەڵسان بە لێکۆڵینەوە، وە چەند خاڵێکیان دەستنیشانکرد کە پەیوەستە بە چەمکی گەشتکردن کە ئەمانەن:

١- جموجۆڵی گەشت وگوزار پێك دێت لەوەی کەوا تاکەکان لە شوێنێکی تر بمێننەوە .

٢- دوو ڕەگەزی سەرەکی لە گەشت و گوزار دا هەیە گەشتکردن بۆ شوێنێکی خوازراو وەمانەوەی لە چوار چێوەی چالاکی ئەوشوێنە خوازراوەکە.

٣- گەشت کردن و مانەوەو نیشکردن لەدەرەوەی شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان وە کارکردن لە چوارچێوەی جموجۆڵی شوێنەکانی کەوا گەشتیاران تیایدا دەمێننەوە .

٤- سەردانیکردنی شوێنەکان بۆ ماوەی کورت و گەرانەوە لە ماوەی چەندرۆژێك یان هەفتەیەك یان چەند مانگێك.

## ❖ گرنگی گەشتکردن:

١ - گەشت و گوزار بنچینەیەکی سەرەکیە بۆ هاوکاری کۆمەلایتی بۆ گشت خەڵکان و ولاتانی جیهان، لەرووی عادات و زمان و .....هتد

٢ - گەشت و گوزار گرنگە بۆ پەرەپێدانی کەرتی ئابووری ، وە هاندەری سەرەکی چەندین کەرتی پیشەسازی ولات دەبێت.

٣ - پارمەتیدەرە بۆ بەدەستهێنانی دراوی بیانی وە دەوڵەمەند کردنی تەرازوی پارەدانی دەوڵەت.

٤ - کاریگەری سەرەکی دەبێت بۆ هەلی کاری نوێ لە کەرتی ئۆتێل و دەزگاکانی گەشت و گوزار وە رێبەری

٥- کاراکردن و چالاککردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان: لەسەر ئاستی بازرگانی و دبلۆماسی و سیاسی و رۆشنبیری لە ڕێگەی بەشداریکردن لە و چالاکیانەی کە ڕێکخراوەکان و دەزگا هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان ئەنجامی دەدەن لە بوارەکانی گەشتیاری و واژووکردنی ڕێککەوتن نامەو پرۆتۆکۆلاتی تایبەت بە چالاکیە گەشتیارییەکان.

٦ - گەشت و گوزار کاریگەری هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ:- هەر گۆڕانکاریەك لە شوێن و کەش و هەوادا وە گواستنەوە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر دەبێتە هۆی حەسانەوەی دەروونی و بەتایبەتی سەردانیکردنی سەنتەرەکانی چارەسەر کردنی سروشتی ئەوا بەدیار کەوتووە کەوا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ.

## دووەم : ئامانجەکانی گەشتکردن

أ- پەرەپێداتی کەرتی گەشتیاری لە ولاّتە گەشتیارییەکان لە ڕێگەی هێنانەدی ئەم ئامانجە لاوەکییانە :

- زیادکردنی بەشداربوونی لە داهاتی نەتەوەیی.
- زیادکردنی بەشداربوونی لە بەکارخستن و رەخساندنی هەلی کار.
- گەورەکردنی کەرتی گەشتیاری لە هێنانەدی پەرەپێدانی بەردەوام.
- زیادکردنی بەشداربوونی لە پەرەپێدانی گەشتیاری، وبەهێزکردنی رۆڵی لە پەرەپێدانی هەرێمەکان و کۆمەڵگای نێوخۆیی لە لایەنی ئابووری و کۆمەلاّیەتی.
- گەشەکردنی هۆشیاریی گەشتیاری و بلاّوبوونەوەی رۆشنبیری گەشتیاری لەلای هاولاّتیان.
- بەرەوپێشبردنی خوێندنی گەشتیاری و پرۆگرامەکانی مەشقی گەشتیاری.
- دۆزینەوەی توان و پایەکانی گەشتیاری لەم ولاّتانەی کە ئاستی گەشەکردنیان نزمە بۆ روبەڕووبونەوەی هەژاری.

ب- زیاتر راکێشانی جوڵەی گەشتیاری جیهانی بۆ ناو ولاّتە گەشتیارییەکان لە ڕێگەی هێنانەدی ئەم ئامانجە لاوەکییانە خوارەوە:

١- هاوکاریکردن لە نێوان ولاّتانی گەشتیاری بۆ ڕیکلام کردن و خستنە ڕووی کەرتی گەشتیاری.

٢- یەکگرتن و هاوبەشی بۆ کالاّ گەشتیاری و خزمەتگوزاری گەشتیاری نێودەوڵەتی.

٣- کردنەووەی بازاری گەشتیاری نوێ.

٤- پەرەپێدانی کەرتی ڕاگەیاندن بۆ ڕونکردنەوەی کۆمەڵگای گەشتیاری.

٥- زیادکردنی توانای ڕکابەری بۆ کالاّکان و خزمەتگوزاری گەشتیاری و باشکردنی کوالێتی کالاّکان.

ت- گەشـە پێدانی گەشـتکردنی نێودەوڵـەتی لـە نێـوان وڵاتـان لـە ڕێگـەی هێنانـەدی ئـەم ئاما نجـە لاوەکییانە خوارەوە:

١- هاندان بۆ هێنانە ناوەوەی وەبەرهێنانی گەشتیاری و دامەزراندنی پرۆژەی گەشتیاری لە نێوان وڵاتان.

٢- یەکخستنی پێوەرەکانی پۆلینکردنی نێودەوڵەتی و جێبەجێکردنی خاڵەکانی هاوبەشەکانی کوالیتی.

٣- گۆڕینەوە و پێدانی ئاسانکاریەکانی هاتنەژوورەوە (ڤیزە) لە نێوان وڵاتە گەشتیارییەکان.

٤- یەکسانی گەشتیار لەگەڵ هاولاتی لە نرخەکانی مانەوە و گواستنەوە.

٥- پەرەپێدانی رۆشنبیری دەربارەی رەگـەزەکانی راکێشـانی گەشـیاری لـە نێـوان وڵاتـە گەشـیارییەکان، و گرنگیدان بە فێرکردنی گەشتیاری لە چوارچێوەیەکی تەواوکاری نێودەوڵەتی.

٦- بنیاتنانی توانای کارمەندان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کاری گەشتیاری بە ئە نجامدانی مەشقی گەشتیاری.

٧- هاریکاری بۆ پەرەپێدانی توانای وڵاتانی گەشتیاری (تازە پێگەیشـتوو) بـۆ بـەدیهاتنی نزیککردنـەوەی گەشەکردنی کەرتی گەشتیاری نێوان وڵاتان.

## سێیەم : پاڵنەرەکانی گەشتکردن

پاڵنەرەکانی گەشتکردن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازن، و لە خودی کەسەکان لە کاتێکەوە بـۆ کـاتێکی تـر جیاوازن، و یەکێك لە توێژینەوەکانی سایکۆلۆژیا و پاڵنەرەکانی گەشتکردن ئاشکرایکردوە کە تاکەکان بـە گشـتی بە شێوەیەکی ئاسایی گەشتدەکەن بۆ زیاتر لە هۆکاریك، و پاڵنەرەکان دابەشدەبێت بۆ ئەمانەی خوارەوە:

١. پاڵنەری ڕۆشنبیری:

أ- بینینی شوێنیە شارستانیەکانی کۆن وەك هەرمەکانی میسر ،شاری بابل

ب- ئاشنا بوون بەسەر ژیانی ڕۆژانەی میلەتانی تر.

ج- سەیرکردن و ئامادە بوون لە ڤیستیڤاڵە جیهانیەکان.

هـ- بینینی شوێنە شارستانیەکان وەك بورجی خەلیفە لە دوبەی.

٢. پاڵنەری ئاینی:

أ. گەشتکردن بە مەبەستی حەج بۆ مەککەی پیرۆز یان گەشتکردن بۆ شوێنە پیرۆزەکان وەك قدس.

ب. گەشتەکانی عەمرە بۆ مەککەی پیرۆز و مەدینە لە مانگی رەمەزاندا.

ج. گەشتکردن بە مەبەستی سەردانیکردنی پەرستگاکان و شوێنە ئاینییەکان.

٣. پاڵنەری ئابووری:

أ- گەشتکردن بە مەبەستی کار و دەستکەوتنی رێکەوتنی بازرگانی لەلایەن بازرگانان.

ب- نزمـی نـرخ لـە هـەر وڵاتێـك دەبێتـە هـۆی هـاتنی گەشـتیار بەمەبەسـتی چـێژوەرگرتن لـەو کـالاَ وخزمەتگوزاریانە بە نرخێکی کەم.

### ٤. پاڵنەری ڕەگەزی (نەتەوەیی):

أ- سەردانیکردنی شوێنی لەدایك بوون یان ئەو شوێنەی کە وا کەس و کار لێی نیشتەجێیە.

ب- حەز و ئارەزوی خودی گەشتیار بۆ سەردانی ئەو شوێنانەی کەوا لە پێشوو سەردانی کردبوون و ئاشنابوونەوە بە یادگاریەکان.

### ٥. پاڵنەری تەندروستی:

أ- گەشت کردن بۆ چارەسەرکردن.

ب- دوورکەوتنەوە لە شوێنی سارد و بەفراوی بۆ شوێنی مامناوەند بۆ ئەو کەسانەی بەساڵاچون.

ج- گەشت کردن بۆ ئیسراحەت.لەدوای چارەسەرکردنی نەخۆشیەك یان بۆ حەوانەوەی مێشك بۆ ئەوکەسانەی توشی نەخۆشی دەروونی بوون.

### ٦. پاڵنەری وەرزشی:

أ- گەشت کردن بە ئامانجی سەیر کردن یان هاندانی تیمێکی وەرزشی

ب- بەشداریکردن لە خولەکانی وەرزشی یان ئەنجامدانی وەرزشێکی تایبەت وەك خولەکانی ئۆلۆمپی و **جامی جیهانی**.

### ٧. پاڵنەری پێگەی کۆمەلایەتی:

أ- شانازیکردن بە سەردانیکردنی شوێنە ناودارەکانی جیهان وەك دورگەکانی دەریای کاریبی و ئوتێلەکانی **بورجی خەلیفە**

ب- تاقیکردنەوەی تەکنەلۆژیایەکی نوێ وەك گەشت کردن بە ئۆتۆمبێلێکی تازە و تاقیکردنەوەی یان فرۆکەی نوێ لە جۆری A380

ج- چێژ وەرگرتن لە خواردنی خواردنگە بەناوبانگەکانی جیهان وەك چێشتخانەی فەرەنسی یان صینی.

### ٨. پاڵنەری حەسانەوە و حۆشی و کات بەسەربردن

أ- دورکەوتنەوە لە ژینگەی رۆتینی رۆژانە ودورکەوتنەوە لە قەرەباڵغی شار.

ب- چێژ وەرگرتن لە شوێنەکانی کرو کپ لەسەرخۆ یان لە کەنار دەریاکان و ناوچە شاخاویەکان.

## چوارەم: شێوەکانی ( جۆرەکانی ) گەشتکردن

چەندین شێوە و جۆری گەشتکردن بۆ شوێنێکی جیاواز لە شوێنی حەوانەوەی بەردەوامی تاکەکان هەیە، کە لە سەر بنەمای پاڵنەرەکانی گەشتکردن دەبێت ،بۆ تێرکردنی حەز و هێنانەدی پێداویستییە جۆراوجۆرەکان، بۆیە گەشتکردن دابەشدەکرێت بۆ چەند جۆرێك:

### ١- شێوەکانی گەشتکردن لەسەر بنەمای مەبەست لە گەشتکردن:

أ- **گەشتی رۆشنبیری:** خزمەت بە گەلان دەکات بە زیادکردنی پسۆری و زانست و زانیاری جۆراوجۆری ولاَتانی تر، وە بەدیهێنانی پیداویستی کات بەسەربردن، هەروەها بەشداریکردن لە پیشانگا و چالاَکییە رۆشنبیرییەکان، پیشبرکێی هونەری، وە سەردانیکردنی شوێنە سروشتییە گرنگەکان، و سەردانیکردنی شاکارە مێژووی و کلتورییەکانی ئەو ولاَتانە.

ب- **گەشتی تەندروستی و چارەسەری:** پێداویستییە تەندروستییەکان فەراهەم دەکات لە رێگەی چارەسەری پزیشکی لە ولاَتانی تر، و لە شوێنەکانی چارەسەرکردن، وەك کانیاوە سروشتییە گەرمەکان، چارەسەرکردن بە ئاوی دەریا، هەروەها کەشێکی حەسانەوە بەدیدێنێت بۆ هەموو کەسانێکی دەروون ماندوو.

ت- **گەشتی وەرزشی:** ئەم پێداویستییانە فەراهەم دەکات کە تایبەتە بە وەرزش بۆ بەشداریکردنی تاکەکان لە یارییە وەرزشییەکان، لە جۆرەکانی گەشتکردنی وەرزشی ( راوی ماسی و ئاژەڵی کێوی ، مەلەکردن لە قولاَیی دەریا، خلیسکان سەر شەپۆلەکان و گەشتکردنی کەناردەریا،بەشداریکردن لە ڤیستسڤاڵ و پاڵەوانییەتییە وەرزشییەکان.

پ- **گەشتی کۆنگرە و کۆبونەوەکان:** پیکدێت لە کۆبونەوە زانستی و پیشەیی و سیاسییەکان، لە پێداویستییەکانی ئەم جۆرە گەشتکردنە بوونی هۆڵ و شوێنی بەستنی کۆنگرە، هەروەها فاکتەرە گرنگەکانی تر لە ولاَت،و شوێنی جوگرافی،ئاسانکارییەکانی گواستنەوە، کەش و هەوای خۆش،و ئەوانە کە بەشداری لە کۆنگرانە دەکەن پێویستییان بە گەشت و شوێنی گەشتیاری و گەڕان و کڕینی دیاری هەیە.

ج- **گەشتی حەسانەوە و کات بەسەربردن:** ئەم جۆرە گەشتکردنە دەبێتە هۆی چاککردنی توانا سەرەتایی وجەستەی و هزری کەسەکان، لەبەر خاوبوونەوە و حەسانەوە لە ماندویەتی لە ناوچە گەشتیارییەکان.

ح- **گەشتی ئایینی:** گەشتێکە بۆ شوێنە ئایینییە پیرۆزەکان، وە بە جۆرێك لە ئە نجامدانی مەڕاسیمە ئایینیەکان دادەنرێت، کە بەشێوەیەکی وەرزی یان ساڵانە دوبارە دەبێتەوە بۆ ئە نجامدانی ئەو مەڕاسیمە ئایینیانە لەو شوێنانەی کە رووداوێکی گرنگی تێدا روویداوە.

### ٢- شێوەکانی گەشتکردن لەسەر بنەمای ژمارەی گەشتیاران:

**أ- گەشتیاری تاك:-** ئەم جۆرەیان واتا کەسێك لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی گەشت دەکات ،لەسەر حیسابی خودی خۆی وە ئەم جۆرە گەشت کردنەش پارەیەکی زیاتری دەوێت لە گەشت کردنی بە گروپ.

**ب- گەشت کردنی بەگروپ:-** ئەو جۆرە گەشت کردنەیە کە کۆمەڵێك لە تاکەکان بەیەکەوە گەشت دەکەن بەشێوەیەکی گشتی پابەند دەبن بە لایەنی رێکخەری ئەم گەشتە جا چ ئەندامانی یانەی وەرزشی بن یان قوتابی بن یا سەر بە بریکاریکی گەشتیاری بن ژمارەکەیان لە نێوان ١٥ بۆ ٢٠ کەس دەبێت.

### ٣- شێوەکانی گەشتکردن لەسەر بنەمای شوێنی جوگرافی:

أ. **گەشتی ناوخۆی:** پێکدێت لە جوڵەی گەشتیاری هاوڵاتیان و کەسی بیانی کە نیشتەجێن لە ناو ولاتدا، واتە ئەوانەی کە نیشتەجێن لە ولاتێکی تر( ولاتی خۆیان نەبێت ).

ب. **گەشتی هەرێمی:** بریتییە لە جوڵەی گەشتیاری نێوان ولاتان کە هەرێمێکی گەشتیاری پێکدەهێنن، بۆ نمونە جوڵەی گەشتیاری لە نێوان ولاتانی ئەوروپای رۆژئاوا.

ج. **گەشتی نێودەوڵەتی:** پێکدێت لە جوڵەی گەشتیاری نێوان ولاتانی جیهان.

## پێنجەم: سروشتی تایبەتی چالاکی گەشتیاری:

چالاکی گەشتیاری سروشتێکی تایبەتی هەیە جیاواز لە سروشتی چالاکییە ئابوورییەکانی تر کە مرۆڤ ئەنجامیدەدات، هەر ئەم سروشتە تایبەتییە وادەکات کە زۆر هەستیاربێت و کاریگەربێت بە گۆڕانکارییە ئابووری و رامیاری و کۆمەلایەتی و رەفتارییەکان، لێرەدا پێویستە لە رواڵەتی ئەم سروشتە تایبەتییە تێبگەین کە لەم رەهەندانەی خوارەوە پێکهاتووە:

### ١- ئارامی و ئاسایش (الامان):

گەشتکردن وەك چالاکییەك کاریگەردەبێت بە ئاستی هەستکردنی گەشتیار بە ئارامی، و نەبوونی هەڕەشە لەسەر ژیان و سامانی، بۆیە تێبینی دەکرێت ئەو ناوچە و ولاتانەی کە لە لایەنی سیاسی نائارامن یان هەڕەشەی جەنگی لەسەرە لەگەڵ دراوسێکانی، یان دڵەراوکێی کۆمەلایەتی و شەڕی ناوخۆی تێدایە هەژارترین ولات و ناوچەی گەشتیارین، لەکاتێکدا ئەو ولاتانەی کە ئارامی و ئاسایشی تێدایە لە بوژانەوەدان، لە پاڵ ئەم فاکتەرە ئاستی هۆشیاری گەشتیاریی لەلای خەڵك فاکتەرێکی گرنگە، چونکە هەرچەند هۆشیاری گەشتیاریی بەرزبێت ئەوەندە گەشتیار هەست بە ئارامی و دۆستایەتی دەکات، هەست بەوە ناکات کە غەریبە و لە ولاتی خۆی نییە، هەر ئەم پاڵنەرەش وادەکات کە گەشتیار بۆ درێژترین ماوەی لەناوچەکە بمێنێتەوە و دووبارە سەردانییکاتەوە، بەمەبەستی یادگارییە خۆشەکانی رابردوویێت یان زیندووکردنەوەی کۆمەڵێك دۆستایەتی و پەیوەندی لەم ناوچەیەدا.

### ٢- تێچوو(التكلفه ):

ئەو تێچووەی کە گەشتیار دەکەوێتە ئەستۆی بە یەکێك لەو فاکتەرانە دادەنرێت کە پرۆسەی گەشتکردن سنووردار دەکات، واتە هەرچەندە تێچووەکان دیاریکراوبێت دەبێتە پاڵنەر بۆ زیاتر کارلێککردنی گەشتییاران لەگەڵ تێکەڵەی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان کە پێشکەش دەکرێت، وە پێچەوانەکەشی راستە.

### ٣- سەرسورمان لە سەرووی خەیاڵ (الانبهار)

الانبهار یەکێکە لە بەرزترین قۆناغەکانی سەرسورمانی گەشتیار کاتێك سەردانی ناوچە گەشتیارییەکان دەکات، ئەمەش لە ئە نجامی ئەو جیاوازییە دروستدەبێت کە لە خەیاڵی گەشتیار هەیە بەرامبەر ناوچە گەشتیارییەکان پێش سەردانیکردنی، بەخوێندنەوە و زانیاری کۆکردنەوە لەسەر ناوچەکە، لەگەڵ سەرسورمان بوون لە سەرووی خەیاڵ لەکاتی سەردانیکردن و دوای سەردانیکردنەکە.

لێرەدا پێویستە کاربکرێت بۆ بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی رەگەزەکانی راکێشانی گەشتیاری و باشترکردنی کوالێتی و شێوازەکانی پێشکەشکردنیان وە بەدەرخستنیان بۆ گەشتیاران بەمەبەسی سەرسورمان بوونیان لە سەرووی خەیاڵ.

### ٤- حەسانەوە (الراحة):

ئەم فاکتەرە وا پێویست دەکات هەموو جۆرە هۆکارێك فەراهەم بکرێت بۆ گەشتیار بە کەمترین هەوڵ و ماندووبوونی گەشتیار بۆ بەدەستهێنانی سوودەکانی خزمەتگوزاری گەشتیاری کە ریککەوتوون لەسەری، بۆیە هەرچەند کۆمپانیا گەشتیارییەکان توانای دابینکردنی حەسانەوەی گەشتیاری زۆربێت دەتوانێت گەشتیاری زیاتر رابکێشێت و چالاکی وجوڵەی زیاتر بخاتە نێو خزمەتگوزارییەکانی، وەپێچەوانەکەشی راستە.

### ٥- جۆش و خرۆش ـ وروژان (الاثارة)

ئەم شێوازە کاریگەری زیاتری دەبێ لەسەر چینی گەشتیاری گەنج چونکە بەدوای شێوازی کاریگەری و دور لە شێوازی دووبارە بوون دەگەرێ وە هیچ لاری نیە ئەگەر شێوازە تازەکە کەمی لە خەتەریاتی تێدابێت بۆ نمونە :- گەشت کردن لە جەنگەڵەکانی ئەفریقیا یان سەرکەوتن بەسەر لەتکە بەرزەکاندا یان کێبرکێی ئۆتۆمبێل

### ٦- چێژوەرگرتن (المتعة):

أ- هەستکردنی گەشتیار کەوا ئەو بایەخی پێدەدرێت و پێشوازی لێدەکرێت.

ب- وا لە گەشتیار بکەین کەوا هەست بکات کەوا ئەو هەموو خزمەتگوزاریانەی ئامادە کراووە بۆ ئەوە.

ج- ئیداگری و جەخت کردن کەوا گەشتیار چی بوێت بۆی دابین بکرێت .

د- هەستپێکردنی گەشتیار کەوا ئەو جیاوازە لەگەڵ خەڵکانی تری کۆمەڵگا چونکە هەموو شتێک ئامادەکراوە بۆ گەشتیار کەوا چێژی لە گەشتەکەی وەربگرێت و بحەسێتەوە لە گەشتەکەیدا.

## شەشەم: کاریگەرییە باش و خراپەکانی پیشەسازی گەشتیاری:

### ١- کاریگەری کۆمەڵایەتی:

#### أ- کاریگەری کۆمەڵایەتییە باشەکان:

أ- بەرەو پێشچونی بەردەوامی کەرتی گەشتیاری دەبێتە هۆی لەناوبردنی بێکاری لەناو کۆمەڵگە.

ب- گەشتیاری ناوخۆ بوەتە حەز کردن بەبەرز ڕاگرتنی ئاستی تەندروستی کۆمەڵگا لابردنی پیسبوونی ژینگە لە ڕێگەی دروستکردنی چەندین پارچە زەوی چاندراو بەدار و ناوچەی سەوزایی.

ج- وەبەرهێنانی گەشتیاری و داهات لەم وەبەرهێنانە دەبێتە هۆی دروستکردنی چەندین شەقامی تازە و شۆستەکردنی شەقامە کۆنەکان و جوانکاری شار.....هتد.

د- گەشتیاری دەبێتە هۆی گەشەسەندنی ئاستی تێگەیشتنی میلەت خۆشەویستی وڵاتەکەیان ، دروستکردنی کەسایەتی مرۆڤ.

ه- بەرزبوونی ئاستی تێگەیشتنی و زیرەکی میلەت لەرێگایی گەشەکردنی گەشتکردنەوە دەبێت لێرەدا مرۆڤەکان فێری ئەوە دەبن کە چۆن خزمەتی میوان بکەن و بەرز ڕاگرتنی خودی گەشتیار.

#### ب- کاریگەری کۆمەڵایەتییە خراپەکان:

- **گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان:** لە ئاکامی گەشتکردن، دابونەریت و بەهای کۆمەڵایەتی نوێ دروستدەبێت لە پڕەك و بەخێرایی کە نامۆیە بۆ خەڵکی ناوچە گەشتیارییەکان، و جیاوازە لەگەڵ کلتورە شارستانی و کۆمەڵایەتییەکانیان کە لەسەری پەروەردە بوون، وە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری ریشەیی لە کۆمەڵگادا.

- **بەریەککەوتنی رۆشنبیری:** لەئەنجامی یەکترناسین و ئەو جیاوازییانەی نێوان کۆمەڵگا و گەشتیاران لەرووی هزری و هەڵسوکەوتەوە کە جیاوازە لەگەڵ شێوازەکانی ژیانی ئەو وڵاتە، دەبێتە هۆی وروژاندنی خەڵکی خانەخوێ و قەڵسبوون و هەستکردن بە تاڵی ژیان وە رەتکردنەوەی نەریتی گەشتیاری بەهەموو ماناکانییەوە.
- **بڵاوبوونەوەی هۆکارەکانی گەندەڵی و تێکچوونی باری کۆمەڵایەتی:** هەندێك وڵات بەدەست نزمی ئاستی بژێوی و کەمی تواناکانی دەناڵێنن، لەکاتێکدا چەندین جۆر گەشتیار روولە وڵات دەکەن بە نەریت و توانای دارایی جیاواز، کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێك لە خەڵکی وڵاتی خانەخوێ هەوڵی دەستکەوتی مادی خێرا بدەن ئەگەر بە رێگەی نا یاسایش بێت، کە لەکۆتاییدا بە شێوەی نادروست فێڵ لە گەشتیار دەکرێت لەژێر ناوی جۆراوجۆر وەك خۆشی و چێژ و رابواردن و کاتبەسەربردن لە بواری جیاجیا لەلایەن ئەوانەی پیاهەڵدان دەکەن.

## ٢- کاریگەرییە ئابوورییەکان:

کەرتی گەشت و گوزار بە یەکێك لە بەهێزترین پاڵنەر دادەنرێت بۆ دروستکردنی هۆتێلەکان و چێشتخانەو کاڵای گەشتیاری هاوینی و زستانی، وە دابینکردنی ژێرخانی ئابووری وەك (فرۆکەخانە و رێگەو بان ،گەیاندن، کارەبا و ئاو) وە لەلایەکی ترەوە گەشتیار بە گرنگترین ئامرازی بەدەستهێنانی دراو دادەنرێت لە ساڵی(٢٠٠٢) گەشتیاری جیهان توانی (٤ ترلیۆن دۆلار بە دەست بهێنێت وە لە ساڵی(٢٠١٠) بۆ (٢٠ ترلیۆن دۆلار بەدەست بهێنێت وە دابینکردنی هەلی کار بۆ لە٨٠٪ .وە بەگوێرەی ئاماری دەزگای جیهان گەشتیاری (WTTC) ئەوا کەرتی گەشتیاری بە (١٠,٢٪) لە کۆی گشتی لە وەبەرهێنانی میللی ئابووری

## ٣- کاریگەرییە ژینگەییەکان:

بۆ جێ بەجێ کردنی ژینگەیەکی راست و دروست وە گەیشتن بە گەشت و گوزارێکی بەردەوام دەبێت پابەند بین بە یاساکانی پاراستنی ژینگە بۆ بە جوان نیشاندانی وێنەی دەزگا گەشتیاریەکان بەرامبەر بە گەشتیاران ، چونکە چەندین بۆچونی نوێ دەرکەوتوە بۆ گرنگی دان بە ژینگە لەوانە (پاراستنی ژینگەی ئەمرۆ و وەبەرهێنانی دوارۆژ وە ئەم ئاراستە نوێیانە ئەمانەن:-

أ- بڕوانامەی ئالآی شین :- ئالآی شین بریتیە لەو ئالآیەی کەوا لە ڕۆخی کەنار دەریایەکان هەڵدەدرێت و لەسەر هۆتێلە گەشتیاریەکان و ئەوانەی بەم سیستەمە کار دەکەن وە بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئالآیە دەبێت ئەمانە هەبێت:-

١- کەنار و ڕۆخ دەریاکان سروشتی بن و هیچ دەستکاری تیادا نەکرێت.

٢- دەستکاری سروشتی ئەم ناوچەیە نەکرێ وە گیانلەبەری درندەی تیادا نەبێت.

٣- بەکارنەهێنای تەکنەلۆجیا کەوا دەبێتە هۆی زەرەرمەنی کەناراویەکان.

٤- هەبوونی شوێنی پیارۆشتنی کەم ئەندامان و هەبوونی چارەسەری پزیشکی.

٥ – وەئەم پابەند بونانە لە (٢٠٪)ی کەنار دەریایەکانی ئەوروپا پابەندن .

ب - بڕوانامەی هۆتێلی سەوز :- ئەم بڕوانامەیە دەدرێتە ئەو هۆتێلانەی کەوا ژینگە دەپارێزن و بەم جۆرەی خوارەوە:-

١- **دابینکردنی** ئاو و کارەبا لەرێگەی تەکنەلۆجیای نوێ بێ ئەوەی ژینگە پێی زەرەرمەند بێت.

٢- بەکارهێنانی تیشکی ڕۆژ بۆ بۆ گەرمکردنی ئاو وە دووبارە بەکارهێنانی ئاوی زێدەڕۆ بۆ ئاودنی باخچەکان.

٣- بەشداریکردن لە بنیادنانی نوێ بۆ پاراستنی ژینگە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە وە ئاگاداریکردن و هۆشیاریدان بە میوانانی هۆتێلەکە

ج- بڕوانامەی(جودە) پێوەری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (ISO) هەتاوەکو بتوانین بگەینە ئەم بڕوانامەیە و دڵنیاکردنەوەی گەشتیاران لەهەرکێشەیەک ئەم خاڵانە ڕەچاو دەکرێت:-

١- گرنگی دان بە پێوەرەکانی تەندروستی خواردن و خواردنەوە.

٢- خۆرزگارکردن لە پاشماوەکان.

٣- پێشکەشکردنی خزمەت گوزاری باش بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی گەشتیاران.

## شەشەم: ئەو هۆكارانەی كە كایگەریان هەیە لە سەر راكێشانی گەشتیار:

### أ- هۆكارە سروشتییەكان:

پێكهاتووە لە رەگەزە سروشتییەكانی وەك هەڵكەوتن وشوێنی جوگرافی و شێوە جیولۆجییەكان و كەشوهەوا و شـێوەكانی رووی زەوی هـەروەها دەریـا و رووبـار و دارسـتان و ناوچـە سروشـتییە پارێزراوەكـان ...... ودابەشدەكرێت بۆ ئەمانەی خوارەوە:

١- **شـوێنی جـوگرافی**: شـوێنی جـوگرافی بـە هـەموو شـێوەكانییەوە كاریگـەری جۆراوجـۆری لەسـەر پیشەسـازی گەشـتیاری هەیـە، لەبەرئـەوەی رۆڵێكـی گرنگـی هەیـە لـە دەستنیشـانكردنی خاسـیەتەكانی هەنـدێك لـە رەگـەزەكانی كەشـوهەوا، و جـۆری ئـەو روەكانـەی كـە جێگـەی سـەرنج راكێشـانی گەشـتیارین، بۆیـە دەبیـنین لـە گـرنگترین قۆناغـەكانی توێژینـەوە سـەرەتاییەكان بـۆ سـەركەوتنی كـاری پەرەپێـدانی گەشـتیاری هەڵبـژاردنی سـەركەوتوانەی شـوێنی دروسـتكردنی پـرۆژە گەشـتیارییەكانە، لەرێگـەی دیراسـەكردنی پەیوەنـدی نێـوان شـوێنی جـوگرافی لەگـەڵ هەریـەك لـە كەشوهەوا و روەك و ژیانی مرۆڤ و ئاستی شارستانی و ئەو چالاكییە ئابووریانەی كە هەیە.

٢- **شـێوەكانی ئـاوی ژێـر زەوی**: لێـرەدا ئـەوەی گرنگـە لـە ئـاوی ژێـر زەوی بـۆ خزمـەتكردنی كـەرتی گەشتیاری بریتییـە لـە كـانی و چـاوگەكانی ئـاوی لەوانـە كانییـە گـەرم و كبریتییـەكان، و تـاڤگـە و نافورەكانە، و بـوونی ئـەم جـۆرە ئاوانـە فاكتـەرێكی راكێشـانی گەشـتیاری گرنگـە بەتاییـەت ئەگـەر ئەم كانی و سەرچاوانە بەكاربێت بۆ چارەسەری مرۆیی.

٣- **شێوە جیولۆجییەكان**: توێژەرانی بواری پیشەسازی گەشتیاری لەم دواییەدا گرنگیان بەم فاكتەرە داوە كـە رۆڵی هەیە لە راكێشانی گەشتیاری، لەوانە تاشەبەردی شێوە جوان و بـەردە سـەیر هەڵكۆڵـدراوەكان كـە توانای راكێشانی ژمارەیەكی زۆری گەشتیارانی هەیە لەبەر بـوونی شـێوەی دەگمـەن لەوانـە ( ئەشـكەوتە سروشتییەكان و ئەو قوچەك و شێوە بەردینانەی كەنار دەریاكان )

٤- شێوەکانی رووی زەوی: کاریگەرییەکانی شێوەی رووی زەوی لەسەر پیشەسازی گەشتیاری جیاوازی هەیە بە پێی خاسیەتەکانی، کە پێکدێت لە بەرزایی چیاکان و دۆڵ و بان و دورگەکان، چیاکان رێژەی ۱۰٪ ی وشکانی پێکدێنن و بە گرنگترین ناوچەی راکێشانی گەشتیاری دادەنرێن لەبەرئەوەی پەیوەندی بە دیاردە جۆراوجۆرەکانی ترهەیە وەك جۆرەکانی روەکی سروشتی و شێوەکانی ژیانی ئاژەڵ و جۆگە ئاوەکان و هەوای سازگار و سروشتی کەوتنی تیشکی خۆر لەسەر زەوی وە کاریگەرییە باشەکانی بۆ تەندروستی لەبەر دووری لە سەرچاوەکانی پیسبوون

٥- کەش وهەوا: کاریگەریەکی دولایەنەی هەیە لەسەر پیشەسازی گەشتیاری کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری هەبە لەسەر چالاکییە گوشتیارییەکان و پیاهەڵدانی گەشتیاری کە دەبێتە مایەی راکێشانی گەشتیاری بەمەبەستی چێژوەرگرتن لە تیشکی خۆر یان سوودوەرگرتن لە شنەی چیا و دۆڵ و دەریاکان، زو کاریگەری ناراستەوخۆی هەیە لەسەر بواری گەشتیاری ئەویش بە سنووردارکردنی چالاکی گەشتیاری بەتایبەت لە وەرزی زستان لە ناوچە سارد و مامناوەندەکان.بۆیە کەشوهەوا بوارێکی گەورەی وەبەرهێنانە ئەگەر بەباشی سوودی لێوەرگیرێت بۆ چالاککردنی کەرتی گەشتیاری.

ئەمانەی خوارەوە هەندێك لە رەگەزەکانی کەشوهەوایە کە کاریگەرییان هەیە لەسەر راکێشانی گەشتیاری:

- تیشکی خۆر: کەش و هەوای جوان یەکێکە لە هۆکارەکانی راکێشانی گەشتیاری وە تیشکی خۆریش ( ماوەی خۆرهەڵاتن ) رەنگدانەوەی هەیە لەسەر گەشتکردن، وە یەکێکە لە رەکەزەکانی گەشتی چارەسەری کە پەیوەستە بە پلەی تینی تیشکی خۆر و ماوەکەی.
- باران: بەربەستێکە لەبەردەم چالاکیە گەشتیارییەکان، بەتایبەت ئەگەر لە رێژەی خۆی زیاتربوو، لەبەرئەوەی باران ناهێڵێت تیشکی خۆر بگاتە زەوی، باران تەنها لەکاتی دروستبوونی پەلکەزێڕینە هۆکارێکە بۆ سەرنجراکێشان و دڵخۆشکردنی گەشتیاران.
- با: کاریگەری زۆری لەسەر گەشتکردن هەیە، وەك دەبینین کە بای گەرم و خۆڵاوی لە هەندێك ناوچە کە بەهاران هەڵدەکات جوڵەی گەشتیاری رادەگرێت وە دەبێتە بەربەست لەبەردەم چێژوەرگرتن و حەسانەوە، هەروەها بای ساردیش چالاکییەکانی خلیسکانی سەر بەفر رادەگرێت

ب- هۆكاره نا سروشتییەكان ( مرۆییەكان ):

١- **ئاسانكارییەكانی میوانداری و مانەوە:** بە یەكێك لە فاكتەرەكانی راكێشانی گەشتیاری دادەنرێت، چونكە پلەی راكێشانی ناوچە گەشتیارییەكان هەرچەندەبێت، رووتێكردنی لەلایەن گەشتیاران سنووردار دەبێت ئەگەر ئەو ئاسانكارییە بنەڕەتییانەی تیدانەبێت كە گەشتیار داوایدەكات، هەروەها قەبارەی گەشتیار لە هەر ناوچەیەك پەیوەستە بە قەبارەی ئەو ئاسانكارییانەوە ( هۆتێل، مۆتێل، چادرگە، كەرەڤانە... )

٢- **ئاسانكاریە تەواوكارییەكان:** ئاسانكارییەكانی میوانداری و مانەوە پێویستی بە ئاسانكاریە تەواوكارییەكان هەیە بۆ گەیاندنی كەلوپەلی پێویست بۆ گەشتیاران بەتایبەت ئەو ناوەند و فرۆشگایانەی كە چالاكییەكانی بەرەو جوڵەی گەشتیاری دەبەن، بەتایبەتی ناوەندەكانی زانیاری گەشتیاری و بریكارەكانی گەشتیاری و رێبەری گەشتیاری و فرۆشگا بازرگانییەكان و فرۆشگاكانی كەلوپەلی وەرزشی و ناوەندەكانی پیشەسازی و فرۆشتنی كەلوپەلی دەستكرد و یادگارییەكان، و چێشتخانە و بانك و.

٣- **خزمەتگوزارییەكانی گواستنەوەو گەیاندن:** پێشكەوتنی كەرتی گەشتیاری پەیوەندییەكی پتەوی هەیە لەگەڵ پێشكەوتنی تەكنەلۆژیای گواستنەوە و گەیاندن، شوێنە گەشتیارییەكان سەرنجراكێش نابن وەك پێویست تاكو گەشتیاران نەتوانن پێبیگەن، هەرچەند ئاسانكارییەكانی كەباسمانكرد هەشبێت، پێشكەوتنی گەشتكردن لە سەرەتا پەیوەست بوو بە گواستنەوە بە شەمەندەفەر، پاشان گەشتكردنی نێوخۆی رووی لە زیابوونكرد بە زیادبوونی بەرچاوی خاوەندارێتی خەڵك بۆ ئۆتومبێل، وە پاش جەنگی جیهانی دووەم توانرا فڕۆكە بەكاربهێنرێت بۆ گەشتكردن بۆ شوێنی دوور بە خێرایی و بە ئاسانی بەتایبەت بۆ بەسەربردنی پشووی كورت لە شوێنی گەشتیاری سەرنجراكێشی دوور.

٤- **خزمەتگوزارییەكانی ژێرخانی بونیاتنان:** پێكهاتووە لە دابینكردنی ئاوی پاك بۆ خواردنەوە و وزەی كارەبا و خۆدەربازكردنی لە ئاوی زیانبەخش و پاشەڕۆی قورس و دابینكردنی تۆڕەكانی گەیاندن.

## بەشی دووەم

## ڕێکخراوە گەشتیارییەکان و گواستنەوەی گەشیاری

**یەکەم : ڕێکخراوە گەشتیارییەکان:**

بریتییە لە هەر ڕێکخراوێك کە هەوڵبدات بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو بە گەشتیاران بەمەبەستی تێرکردنی پێداویستی و ئارەزووەکانیان لە خزمەتگوزاری (گواستنەوە، جێنشینکردن، خواردن، گەشت، بەرنامەی گەشتیاری، خزمەتگوزارییە تەواوکارییەکانی تر).

**گرنگی ڕێکخراوە گەشتیارییەکان:**

١. چالاکیەکانی ڕێکخراوە گەشتیارییەکان بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێن، لە لایەنی بەرهەمهێنان لە بوارەکانی هۆتێل و چێشتخانە و فڕۆکەخانە و گواستنەوە و گەشت و .....هتد.

٢. ڕێکخراوە گەشتیارییەکان پیشەسازییەکی تێکهەڵکێشن، لەبەرئەوەی هەر خزمەتگوزارییەك بەتەنها لەلایەن بەرهەمهێنێك پێشکەش دەکرێت، بۆیە پێویستە بەرهەمێکی گەشتیاری تەواو و پوخت فەراهەم بکرێت بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی گەشتیاران.

٣. ڕێکخراوە گەشتیارییەکان کارمەندی راهێنراویان هەیە و دەتوانن ئەم کەرتە هەستیارە بەڕێوەببەن، کە دەبێتە مایەی دروستکرنی سەرنجی یەکەم و کۆتایی لە دەروونی گەشتیاران.

٤. ئامادەکردنی بەرهەمێکی هەمەلایەن و پێشخستنی کەرتی گەشتیاری ناوخۆیی لەڕێگەی پارێزگاریکردن لە پایەکانی شارستانییەت.

**دووەم : جۆرەکانی ڕێکخراوە گەشتیارییەکان:**

**١- کۆمپانیا فڕۆکەوانییەکان:**

ئەو هۆکارانەن کە گەشتیار دەگوازێتەوە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر، بە دابینکردنی هۆکارەکانی گواستنەوەی ئاسمانی، کە حەسانەوە و ئارامی و خواردن و خزمەتگوزارییە تەواوکارییەکانی تێدایە وەك تەلەفزیون و فیدیۆ و نوستن و ...، و کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی بە گرنگترین ڕێگە دادەنرین بۆ پیاهەڵدانی گەشتکردنی جیهانی.

**کۆمپانیا فڕۆکەوانییەکان دابەشدەکرێن بۆ:**

أ- نوسینگەی شار:

- بەشی خزمەتگوزاری کڕیاران: پێکهاتووە لە بەشی فرۆشتن، پلیتبڕین، جێگرتن.
- بەشی بەڕێوەبردنی کۆمپانیا: پێکهاتووە لە بەشی دارایی، کارگێڕی.

ب-نوسینگەی فڕۆکەخانە: پێکهاتووە لە نوسینگەی سەردانیکردن، کارگێڕی بار، نوسینگەی جەنتا ونبووەکان

ت-نوسینگەی تایبەت بە کردارەکانی کۆمپانیا: پێکهاتووە لە بەشی ڕێککردنی بار، چاککردنەوە، میوانداری، بەڵگەکان.

٢- **نوسینگەکانی گەشت و گوزار:**

ئەو شوێنانەن کە زانیاری راوێژکاری و هونەری پێشکەشدەکەن بە گەشتیاران لەگەڵ پێشکەشکردنی گشت خزمەتگوزارییەك بە گەشتیاران، هەروەها دانانی ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕێکخستنی گەشتەکانی وشکانی و ئاوی و ئاسمانی بۆ شوێنە جیاوازەکانی جیهان.

٣- **ڕێبەری گەشتیاری:**

ئەو کەسانەنە کە هەڵدەستن بە کاری ڕێنوێنیکردنی گەشتیاران و هاوەڵیکردنیان بۆ شوێنە گەشتیاری و کلتورییەکان لە وڵاتدا، وە ڕێبەری گەشتیاری وەك باڵیۆز و نوێنەری وڵاتی خانەخوێ سەیردەکرێت، وە دەبنە روانگەی راستەقینەی وڵاتەکەیان لە بەرامبەر گەشتیاراندا.

❖ **ئەرکەکانی ڕێبەری گەشتیاری:**

- ڕێنوێنیکردن و هاوەڵیکردنی گەشتیاران.
- پێدانی گشت زانیارییەك دەربارەی وڵاتەکەی بە گەشتیاران .
- بەکارهێنان و بەبازاڕکردنی سەرچاوە گەشتیارییەکان بە چاکترین شێوە.
- پێشکەشکردنی گشت خزمەتگوزاریەك کە گەشتیار پێویستییەتی

❖ **خاسیەتەکانی ڕێبەری گەشتیاری:**

- کەسایەتی و متمانەبەخۆبوون.
- کارامەی لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ میوان.
- خێرایی لە پێشبینیکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان.
- زانینی زمانی جیاواز.

٤- **چێشتخانەکان:** بریتییە لەو شوێنەی کە ئامادەکراوە بۆ پێشکەشکردنی خواردن و خواردنەوە بۆ میوانەکان لە دەرەوەی شوینی نیشتەجێبوونیان، بەمەبەستی حەسانەوە یان کارکردن یان سازدانی کۆنگرە و ئاهەنگ و بۆنەکان لەبەرامبەر پارەیەکی دیاریکراو.

چێشتخانە بە یەکێك لە بەشە بەرهەمهێن و سەرەکییەکانی هۆتێل دادەنرێت لەبەرئەوەی داهاتێکی گەورە دابیندەکات، وە فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ راکێشانی میوانەکان و کاردەکات بۆ خزمەتی جێنشینی و ئەوخزمەتگوزاریانە کە پێشکەشیدەکات .

پۆلینکردنی چێشتخانەکان:

چێشتخانەی خزمەتی خێرا، چێشتخانە پسپۆرییەکان، چێشتخانە رۆژهەڵاتییەکان، خزمەتی ژووری تایبەت ( VIP )، چێشتخانەی سوورکراوەکان ( المشويات ).

ـ چێشتخانەی گەشتیاری: لەلایەن وەزارەتی گەشتکردن پۆلیندەکرێت و پلەکەی بۆ دادەنرێت بەپێی توێژینەوە گەشتیارییەکان، و نمونەی چێشتخانە گەشتیارییەکان ( چێشتخانەکانی ناو هۆتێلەکان یان دەرەوەی هۆتێلەکان، پارکە گەشتیارییەکان، کافتیریا، یانەکانی شەوانە، شوێن پشووی گەشتیارییەکان ).

٥- **شار و لادێیە گەشتیارییەکان:** بریتییە لە کۆمەڵگەی گەشتیاری، پێکـدێت لـە زیـاتر لـە (٥٠٠) ژوور بـۆ نیشتەجێبوون، و لە کەرەستانە دروستکراون کە بەرگەی مانەوە دەکـەن بـۆ ماوەیـەکی درێـژ بەمەبەسـتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی گەشتیاریی و هۆتێلەکان بۆ پڕکردنەوەی ئارەزوەکانی گەشتیاران.

- بەلاّم دێ ی گەشتیاری بریتییە لە دێیەکی گەشتیاری کە لە شارە گەشتیارییەکان بچوکترە و بە پێی توانای شوێنییەکەی گەشتیار لەخۆدەگرێت.

٦- **خیوەتگا گەشتیارییەکان:** بریتییە لە مانەوەی گەشتیاران لە ناو خیوەتی بچـوك بەتـەنیا یـان لەگـەڵ ئەندامانی خێزانی یان لەگەڵ دۆست و هاوڕێکانی، بۆ ماوەیەکی درێژ یان کورت بە پێی بارودۆخی تـایبەتی گەشتیار لە ژیانێکی سروشتی ئاسایی بێ پابەندبوون بە عادەتێکی دیـاریکراو، وە ئامـادەکردنی هـەموو پێداویستییەکانیان لە خواردن و خواردنەوە و خزمەتگوزارییەکانی تر لەلایەن خۆیانەوە.

٧- **نوســـینگەکانی بەکرێـــدانی ئوتومبێـــل:** مەبەســـتمان لـــەو شـــوێنانەیە کـــە خزمـــەتگوزاری ئۆتومبیـــل بەکرێـــدان بـــە کەســـەکان پێشکەشـــدەکەن ئینجـــا گەشـــتیاربن یـــان هـــاوڵاتی لەبەرامبەر بڕە پارەیەکی دیاریکراو بەرامبەر ئەو خزمەتە.

٨- **شوێنی فرۆشتنی پارچە رۆژهەلاّتییەکان:** ئەو شوێنانەن کە پارچەی دەگمەن و کەلوپەلی کلتـوری کـۆن و پەیکەری شوێنە پیرۆز و گەشتیارییەکان دەفرۆشن کە نمونەیەکی بچوککراوی ئـەم شـوێنانەن، هـەروەها جلوبەرگی نیشتیمانی و فۆلکلۆری و نەخشەی گەشتیاری و پارچەی کانزایی و وێنە شوێنەوارییەکان ...

٩- **مۆزەخانەی شوێنەوارییەکان:** بریتیە لە رێکخراوی رۆشنبیری و مێژوویی، کە ئێستا بوە بە سەرچاوەیەك بۆ راکێشانی گەشتیاری لەرێگەی پێشاندانی پارچەی شوێنەواری کۆن، وەك مۆزەخانەی (لۆفەر) لە پاریس.

١٠- **هۆتێلەکان:** باڵەخانەیەکە یان رێکخراوێکە کە خزمەتگوزاری خواردن و خواردنەوە و جینشینکردن و خزمەتگوزارییە تەواوکارییەکانی تر پێشکەش دەکات بە گشت خەڵك لەبەرامبەر بڕە پارەیەکی دیاریکراو.

## پۆلینکردنی هۆتیلەکان:

- پۆلینکردنی هۆتیلەکان بە پێی شوێنی هۆتێلەکان (ناوشار، کەناردەریا، فرۆکەخانە ...)
- پۆلینکردنی هۆتیلەکان بە پێی ژمارەی ئەستێرەکان (حەفت ئەستێرە، شەش ئەستێرە ، ... ، یەك ئەستێرە)
- پۆلینکردنی هۆتیلەکان بە پێی جۆری خزمەتگوزارییەکان (هۆتێلەکانی بازرگانی، هۆتێلەکانی قوماركردن، هۆتێلەکانی ماڵی گە نجان، هۆتێلە جولاّوەکان، هۆتێلەکانی چارەسەری، هۆتێلە وەرزشییەکان)
- پۆلینکردنی هۆتیلەکان بە پێی ماوەی مانەوە لە هۆتێلەکان

  (هۆتێلە کاتییەکان ١- ٣ رۆژ)، (هۆتێلە هەمیشەییەکان ١ – ٢٩ رۆژ)
- پۆلینکردنی هۆتیلەکان بە پێی نرخەکانیان (گرانبەها، مامناوەند، هەرزان).
- پۆلینکردنی هۆتیلەکان بە پێی ژمارەی ژوورەکانی هۆتێلەکان (قەبارە گەورە، مامناوەند، بچوك).

## ❖ پۆلینکردنی هۆتیلەکان بە پێی شوێن و جۆری گەشتیاران:

أ. **هۆتێلە بازرگانییەکان:** ئەم جۆرە هۆتێلانە گونجاون بۆ مانەوەی بازرگـان و (رجـال الاعمـال) لەبەرئـەوەی شوێنی هۆتێلەکان دەکەوێتە ناوەڕاستی شار ، کە وادەکات نزیکبن لەو کۆمپانیانەی کە دەیانەوێت رۆیتێبکـەن بۆ هاموشۆی بازرگانی، وە بە هۆتێلی سەنتەری شار ناودەبرێن (City center hottel).

ب. **هۆتێلەکانی فڕۆکەخانە:** ئەم جۆرە هۆتێلە لە نزیك فڕۆکەخانەکان هەیە، زیاتر ئـەو گەشـتیارانە سـوودی لێوەردەگرن کە مەبەستیانە بە ترانزێـت گەشـتبکەن و مـاوەی (٣ - ٤) کاتــژمێر دەمێننــەوە بـۆ چـاوەڕوانی گەشتەکەیان، بەلاّم هەموو گەشتیارێك دەتوانێت تیایدا بمێنێتەوە، وە دیزاینـی هۆتێلەکـە باڵەخانەیـەکی بەرز نییە و بەو کەرەستانە دروستکراوە کە دەنگ و ژاوەژاوی فڕۆکەکان دەگێرتەوە.

ج. **سەنتەری کۆنفرانسەکان:** لەم جۆرە هۆتێلانە هۆڵی گەورەی تێدایە بـۆ بەسـتنی کۆنفرانسـەکان، هـەروەها کۆمەڵێك ژووری تایبەتی تێدایە بۆ مانەوەی گەشتیاران.

د. **شوققە هۆتێل:** گونجاوە بـۆ ئـەو گەشـتیارانەی کـە دەیانـەوێت بـۆ کـاتێکی درێـژ بمێننـەوە و سـوود لـە خزمەتگوزارییەکان وەرگرن و بحەسێنەوە، وا هەستبکەن کە لە ماڵەکانیانن.

ه. **هۆتێلـەکانی مانــەوەی هەمیشــەیی:** لــەم جــۆرە هۆتێلانــە گەشــتیار دەتوانێــت بــۆ ماوەیــەکی درێــژ بمێنێتەوە کـە دەگاتــە شـەش مـانگ بــێ ئـەوەی تێچـووی زێـدەکی بخرێتەسـەر، وە سـوود وەربگرێـت لـە هەموو خزمەتگوزاری و پێداویستییە سەرەکییەکان.

و. **هۆتێلەکانی گازینۆ (قومارکردن):** لەم جۆرە هۆتێلانەدا تاکەکان دەتوانن بۆ ماوەیەك بێ بەرامبەر خواردن و خواردنەوە بخۆن و بمێننەوە، لەبەرامبەر ئەودا هۆتێلەکان قازانج بەدەست دێنن لە ئە نجامی ئەو بڕە پـارەی کە تاکەکان دەیدۆڕێنن لە کاتی قومارکردن لە هۆڵەکانی قومارکردنی ناو هۆتێلەکان.

ز. **هۆتێلەکانی کەمپە گەشتیارییەکان:** بریتییە لە کۆمەڵێك شوققەی بەتەنیا یان بەیەکـەوە لکێنـراو لەگـەڵ بوونی هۆتێلێکی گەورە، خزمەتگوزارییەکانی بە گەشتیاران پێشکەش دەکـات بەمەبەسـتی خۆشـی بەخشـین و چێژوەرگرتن لە جوانی سروشت، ئەم کەمپە گەشتیاریانە لە ناوچە سروشتییە جوانەکان دروسـت دەکرێـت، وە کەمپە هاوینیەکان لە ناوچە گوندنشین و کەناردەریا و دوورگەکان دەبێت، و کەمپە زسـتانییەکان لـە ناوچـە شاخاوییەکان و ئەو ناوچانەی کە بەفری لێدەبارێت دروست دەکرێت، بەمەش دەوترێت گەشتی وەرزی.

ح. **هۆتێلەکانی قەرەوێڵەو نانی بەیانی (ژووری نوستن و نانی بەیانی):** ئەم هۆتێلانە خزمـەتگوزاری مانـەوە و ژەمە خواردنی بەیانی بە گەشتیاران دەدەن، نرخەکەشی زۆر هەرزانە، ئەو گەشتیارانە سوودی لێوەردەگرن کـە بۆ ماوەیەکی کورت (کاتی) دەمیننەوە، هۆتێلەکەش بریتییە لە خانوویەك (١٥ - ٢٠) ژوور و هۆڵێکی فراوان


## سێیەم : پەیکەری ڕێکخستنی ڕێکخراوە گەشتیارییەکان:

### پێناسەی پەیکەری ڕێکخستن

بریتییە لەو پەیکەرەی کە پێکهاتووە لە تۆڕەکانی پەیوەندی وەزیفەکان لەگەڵ یەکتر، وە ئەم پەیوەندیانە لە نێوان تاك و کۆمەڵەکان ڕێکدەخات لە ناو ڕێکخراودا لەسەر بنەمای لەیەکچوونی کار و ئەنجامدانی کارامەیی یەکان وە ئەو ئەرستانەی کە بەکاردەهێنرێن.

**پەیکەری ڕێکخستنی باش پێویستە ئەم دوو ڕەگەزە گرنگەی تێدابێت بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی هێز کە ئەمانەن:**

- دابەشکردنی کار بە پێی پسپۆڕییەکان.
- هەماهەنگی لە پێناو ئەنجامدانی ئەرکەکان بە کارایی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراو بەشێوەیەکی باشتر.




هيكل تنظيمي لفندق كبير

## ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان هەیە لە سەر پەیکەری ڕێکخستنی هۆتێل یان ڕێکخراوە گەشتیارییەکان:

**١- هۆکارە نێوخۆییەکان:**

ا- سروشتی کارکردنی هوتێلەکە لە رووی **موڵکیەت** چونکە پەیکەر بەند دەگۆڕدرێت لە هوتێلێك بۆ هوتێلێکی تر چونکە لەوانە یە هی تاکە کەسێك بێت یاخود هی کۆمپانیایێت یێ هی دەوڵەت.

ب- شوێنی دروستکردنی هوتێلە کەو قەبارەکەی چونکە چەندین جۆری هوتێل هەیە لەناوشار یان لەناو فرۆکەخانە یان لەناو شارەکان ودێیەکانی گەشتیاری وەهەریەکە پۆلێن کراوە بە نمرە یەك(١) ،یان دوو(٢) بەپێی ئەوخزمەتگوزاریەی پێشکەشی دەکات.

ج- جۆری هوتێل لەرووی شارستانیەتی درووست کردنی یاخود گونجاندن. لەگەڵ سروشت و ژینگەی دەوروبەری.

د- **سەرمایەی هۆتێل:** کاریگەری هەیە لەسەر دارشتنی پەیکەری هوتێلەکە چونکە هەرچەندی بارەی زیادبێ ئەو کەسەی کەوا دروستی دەکات ئەوا پەیکەری فراوانتردەبێ و بەپێچەوانەش ڕاستە.

**٢- هۆكاره دەرەكییەكان:**

**أ ـ سیستەمی ئابووری ولآت:** بریتیە لەو سیستەمەی كەوا دەوڵەت بۆدروست كردنی هوتێلەكان دای دەنێت وەهەروەها هەڵدەستێت بە دانانی پلانێكی تایبەت بۆ ولآت لەرووی دروست كردنی شوێنە گەشتیار یەكان.

**ب ـ ئاستی تەنەلۆژی لە ولآت:** رۆڵێكی گرنگ دەبینێت چونكە لە هێنانی چەندین كۆمپیتەر بۆ بەشەكانی هۆتێل و وەك بەشی نوسینگەی پێشوازی یان بۆ بەشی پاككردنەوەی هۆتێل یان هەر بەشێكی تر .

**چوارەم : گرنگترین ئەركە كارگێڕییەكان لە رێكخراوە گەشتیارییەكان:**

**١ـ بەڕێوبەری نوسینگەكانی پێشەوە:** نوسینگەی پێشەوە یان ( پێشوازی ) لەهەر هۆتێلێكدا زۆر گرنگە چونكە بەڕێوەبەری ئەم بەشە ئەركی ئەرشانی ئەوە كەوا ژوور بۆ میوان دابین بكات و بەرپرسە لە پێشوازیكردنی كەسەكان كەوا دێنە ئو هۆتێل بۆ بەشی چێشتخانە وە لەرێگەی ئەوە داهاتی هۆتێل زیاد دەكات.

**٢- بەڕێوبەرەكانی سەرپەرشتی ناوخۆیی:** ئەو كەسانەی كە بەرپرسن لـە خوێنكردنـەوە و رێكخسـتنی ژوورەكان بەشێوەیەكی بەردەوام بۆئەوەی باش و ئامادەبێت بۆ پێشوازی میوانان لە هەر كاتێكدا، هەروەها بەرپرسە لە گرنگیدان بە خاوینی هۆڵی گشتی دانیشتنی هۆتێل، دەكرێت ئەم بەرپرسیاریەتییە ئافرەتان بەڕێوەی ببەن لەبەر زانینیان لەم بواری خاوینكردنەوە و رێكخستنی ژوورەكان.

**٣-بەڕێوبەری فرۆشتن و بەبازاڕكردن:** بەشی فرۆشتن و بەبازاڕكردن بە گرنگترین بەشەكانی هۆتێل دادەنرێت وە بەڕێوبەری ئەم بەشە گرنگترین ئەركی هەیە لە هۆتێل، لەبەر ئەوەی بەرپرسە لە دابینكردنـی داهـات لـە رێگەی پێشكەشكردن و فرۆشتنی ئەوەی كە هۆتێل هەیەتی لە خزمەتگوزاری، وە پەیوەنـدی نێـوان قـەبارەی فرۆشتن و قازانجی هۆتێل پەیوەندییەكی راستەوانەیە، هەچەند قازانج زۆربێت واتە فرۆشتن زیادیكردووە، وە بەبێ بەشی فرۆشتن هۆتێل ناتوانێت قازانجی دەستكەوێت.

**٤ ـ بەرێوبەری كرینەكان:** بەرپرسی یەكەمە لە هۆتێل بۆ كرین چونكە لەهەموو شتەكانی كرین بەرپرسە لە بچوكترین شتەوە تاوەكو گەورەترین پێداویستی هۆتێل وە چەندین توێژینەوە ئەنجام دەدات بەراوردكردنی نرخەكان كەوا لەلایەن ئەوانەوە پێشكەش دەكرێت وەتا چ ئاستێك پابەندە لەدابینكردنی پێداویستیەكان لەكاتی خۆی بۆ هۆتێلەكە، هەر بۆیە بەرێوبەری دارای زۆر جار داوا لەبەرێوبەری كرین دەكات كەوا ئەنجامی توێژینەوەكانی خۆی پێڕابگەیەنێ بۆ ئەنجامدان و سەرفكردنی پارەی شایستە بۆ ئەم بەشە.

**پێنجەم : ڕێكخراوەكانی گواستنەوەی گەشتیاری و جۆرەكانیان :**

**ڕێكخراوەكانی گواستنەوەی گەشتیاری: بریتییە لەم ڕێكخراوە گەشتیارییانەی كە هەڵدەستن بە گواستنەوەی گەشتیاران بە بەكارهێنانی ئامرازەكانی گواستنەوەی ئاسمانی و وشكانی و ئاوی،وە هەموو خزمەتگوزارییەكی تایبەت بە گەشتیان پێشكەشدەكەن، لەگەڵ پابەند بوون بە پێوەر و یاسایی و پیشەییە نێودەوڵەتییەكان لە لایەنی ئامادەكردنی ئامرازەكانی گواستنەوە و جۆر و ساڵی دروستكردنیان.**

**ڕێكخراوەكانی گواستنەوەی گەشتیاری لە ڕێكخراوە سەرەكییەكان دادەنرێت بۆ بەرەو پێش بردنی پڕۆژە گەشتیارییەكان، چونكە هەرچەند پیشەسازی گواستنەوە پێشبكەوێت لەگەڵیدا پێشكەوتنی بەرچاوی پیشەسازی گەشتیاری دەبینرێت، بەتایبەت پێشكەوتنی هۆتێلە گەشتیارییەكان دەوەستێتە سەر ئاستی هەبوون و پێشكەوتنی ڕێگەوبان و گەیاندن، هەروەها دەركەوتنی وێستگەیەكی حەسانەوە لە هەر وڵاتێك دەوەستێتە سەر هۆكارەكانی گواستنەوەی گەشتیاری.**

**جۆر و هۆكارەكانی گواستنەوەی گەشتیاری:**

**١- گواستنەوەی ئاوی:**

بریتیە لە كۆنترین شێوازی گواستنەوەی گەشتیاری وە پەردی سەند لەگەڵ بەدەركەوتنی گواستنەوە بە شەمەندەفەری و دەركەوتنی كەشتیەكان لە كیشوەری ئەوروپا و ئەمریكا ، وە كەشتی گەورە و پسپۆڕ لە ڕێكخستن و گواستنەوەی گەشتیاران بەدەركەوت و كە ژووری نوستن و هۆتێلی تیایە

**٢- گواستنەوەی وشكانی:**

ئەمەش پێك دێت لە شەمەندەفەرەكان كە بە هەرزانترین گواستنەوە دادەنرێت بۆ گواستنەوەی شتومەك بەدەر كەوت بەلام دواتر بۆ. گواستنەوەی ئەو خەڵكانەی كەوا سەفەر دەكەن وە چەندین شار و دێ بنیات نران لە نزیك ڕێڕەوی شەمەندەفەر هەروەها چەندین هۆتێل و چێشتخانە ، وە ئۆتۆنبێل بە باشتری ئامرازی گواستنەوە دادەنرێت لە ئێستادا، وە دواتر پاسەكان كە بە هەرزانتر لە ئۆتۆمبێل دادەنرێت. وەلەگەڵ بەدیاركەوتنی و بڵاوبونەوەی ئۆتۆنبێل وای لێهات شوێن و شێوازی هۆتێلەكان بگۆڕێت چونكە لە ئێستادا دەتوانرێت لەڕێگەی ئۆتۆنبێلەوە بگەیتە هەموو شوێنەكان

### ٣- گواستنەوەی ئاسمانی:

ئەم شێوازەی گواستنەوە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم بەدیار کەوت ، وە یەکەم گەشتی ئاسمانی لە نێوان لەندەن و پاریس بوو لە ساڵی (١٩١٩) بۆ گواستنەوەی گەشتیاران وە لە دوای کۆتای هاتنی جەنگی جیهانی دووەم زیاتر پەرەی سەند وە لە ناو فرۆکەدا خزمەتگوزاریەکانی پێشکەشکردنی خواردن و خواردنەوە و تەلەفۆنات و تەلەفزیۆن و نوستن بەدیار کەوت ، وە لەهۆیە گرنگەکانی زیاد بوونی خواست لە سەر گواستنەوەی ئاسمانی ئەمانەی خوارەوەن :-

أ- دابەزینی نرخی گواستنەوەی ئاسمانی لەگەڵ بەرەو پێشچونی تەکنەلۆجیا.

ب- دابەزینی نرخی مانەوە لە هۆتێلەکانی سەر بە کۆمپانیای فرۆکەوانی .

## شەشەم :گرنگترین رێکخراوەکانی گواستنەوەی بواری فڕۆکەوانی:

### ١- رێکخراوی فڕۆکەوانی مەدەنی نێودەوڵەتی (ICAO):

رێکخراوی فڕۆکەوانی مەدەنی نێودەوڵەتی یەکێکە لە دەزگا پسپۆرەکانی بواری فڕۆکەوانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٧ دامەزراوە و بنکەی سەرەکی لە شاری مۆنتریال لە کندا، ئەم رێکخراوە گرنگی دەدات بە گشت لایەنی تەکنیکی فڕۆکەوانی، و کاردەکات سەلامەت و حەسانەوەی گواستنەوەی ئاسمانی لەڕێگەی رێکخستنی رێڕەوە ئاسمانییەکان و دابینکردنی ئامێری ئەلیکترۆنی نوێ بۆ فڕۆکەخانەکان، هەروەها دانانی پڕۆگرامی راهێنان بۆ فڕۆکەوانەکان، و یەکخستنی زمان لە نێوان فڕۆکەوانەکان ئەویش بە دانانی زاراوەی تایبەت و کورتکراوە کە لەسەری رێککەوتوون.

### ٢- یەکێتی گواستنەوەی ئاسمانی نێودەوڵەتی (IATA):

لەدوای جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزراوە، بنکەی سەرەکی لە کەنەدایە،ئەم رێکخراوە زمانی ئاخاوتنی نێوان کۆمپانیا گەشتیاریە جیهانییەکانی کردبە زمانی ئینگلیزی، هەروەها هەندێك رێسا ویاسای دانا بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان گەشتیار و کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی لەلایەکە تر پەیوەندی نێوان کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی لە گەڵ یەکتر،وە هەتا ئاستیکی دیار خزمەتگوزارییە کانی نێو فڕۆکەی یەکخست، و پەیوەندی نێوان کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانییەکان و کۆمپانیا گەشتیارییەکانی رێکخست بە دیارکردنی پێداویستییەکانی بەرپرسیاریەتی ئەم پەیوەندییە.

**گرنگترین ئامانجەکانی رێکخراوی (IATA):**

- کارکردن بۆ گەیاندن بە خێرای لە نێوان ولاتان بە کەمترین نرخ.
- دابینکردنی ئارامی و سەلامەتی بۆ فڕۆکەو سەرنشینانی.
- دیارکردنی نرخی گەشت و کرێی باری فڕۆکەکان.

## حەفتەم: گرنگترین ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بواری گەشتکردن:

١- **کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ ئاژانسی گەشت و گوزار: American Society of Travel Agents (ASTA):**

گەورەترین کۆمەڵەی گەشتیارییە، لە ساڵی ١٩٣١ دامەزراوە بنکەی سەرەکی لە واشنتۆن لە ئەمریکایە، کە ٦٦ کۆمەڵەی گەشتیاری لەخۆدەگرێت و ژمارەی ئەندامانی دەگاتە ٢٣٠٠٠ بریکاری گەشتکردن، لەبەر ڕۆڵ و کاریگەری زۆری لەسەر جوڵەی گەشتیاری لە وڵاتانی جیهاندا.

**گرنگترین ئامانجەکانی ڕێکخراوی (ASTA):**

- دانانی پێوەر و ڕێکاری تایبەت بە ڕەفتارەکانی پیشەی کاری گەشتیاری.
- پارێزگاریکردن لە گەشتیاران لە هەر کردەوەیەکی نا یاسای.
- کارکردن بۆ چالاککردنی جوڵەی گەشتکردن لە نێوان وڵاتانی جیهان.

٢- **ڕێکخراوی گەشتکردنی نێودەوڵەتی World Tourism Organization (W.T.O):**

ڕێکخراوی گەشتکردنی نێودەوڵەتی بە یەکێك لە دەزگا پسپۆڕەکانی بواری گەشتیاری دادەنرێت کە سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانە لە ساڵی ١٩٧٥ دامەزراوە بنکەی سەرەکی لە شاری مەدریدە لە ئیسپانیا، وە دەزگای فەرمییە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری گەشتکردن، ئەم ڕێکخراوە گرنگی دەدات بە چالاککردن و پەرەپێدانی گەشت لە ڕێگەی چاککردنی چۆنیەتی چونە ژوورەوە و بڕینی سنوورەکان، هەروەها توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەنجامدەدات بە مەبەستی زیادکردنی جوڵە و پیشەسازی گەشتکردن لە جیهاندا، و کۆنگرە دەبەستێت و خولی ڕاهێنان دەکاتەوە بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری.